# ڕۆڵی لاوان لەگۆڕاندنی کۆمەڵگەدا

عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

بێگومان وەك دەزانرێت توێژی لاوان، بەهێزی دینامیکی کۆمەڵگە دەناسرێت، ئەمەش تا رادەیەکی زۆر لەوڵاتە رۆژئاوایەکان راستە، بەڵام لەرۆژهەڵاتی ناوڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. هەتاکو ئێستا لاو نەیتوانیوە ئەو رۆڵە بگێڕێت، ئەمەش ئاشکرایە هۆی جۆراوجۆری هەیە، بەحوکمی ئەوەی چڤاکەکەمان چڤاکێکی ئیسلامگەرایی دواکەوتووە، بۆیە کیسەڵ ئاساییە لەکاتی وەرچەرخانی زانستی و مەعریفیدا، بەدرێژایی مێژووش گەلەکەمان هەر بن دەست بووە، دوژمنان. نەك هەر نەیانهێشتووە گۆڕان لەشتێکدا ئەنجام بدەی، بەڵکو هەمیشە دڕندانە سەرکوت کراوی، وەلێ ئەم چەند ساڵەی واییشە دەرفەتێکی زۆر باش بوو، بۆ ئەنجامدانی قەڵمبازی باش و گۆڕینی فکرە دواکەووتوەکان، ئەوەش هەر لاو دەیتوانی خاوەنداریێتی و رابەرایەتی هزرێکی نوێی بکردبا بۆ ئەنجامدانی ئەو قەڵمبازانەی کە لێیان چاوەڕوان بوین، لێ لەبەر ئەوەی لەدۆخێکداین تا دوا رادە باوەڕی بەهێزی گەنج ناکرێ و هەر چەندە گەنجیش تاوانبارە لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە ببێتە وەڵام بۆ ئەو لایەنانەی کە باوەڕییان بەهێزی ئەو نەبووە.

لەباشووری کوردستاندا هەمیشە رەخنەکانمان ئاراستەی رێکخراوەکانی لاوان دەکەین، چونکە دیارە ئەوان بۆ ئەوە دروست بوون کە خزمەتێك بەو توێژە بکەن و دواتر ئەوانیش بەدەوروبەریان، بەڵام مەخابن ئەوەی کە نەمانبینی گۆڕان بو لەلایەن ئەوانەوە، جا لێرەشدا پێویستە کۆڵنەدرێت و بەدوای ئەلتەرناتڤدا بگەڕین بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت هەندێ لەدۆخەکە بگۆڕێت، ئەلتەرناتیفیشمان ئەوەیە کە کۆمەڵێ گەنجی ئازاد و سەربەخۆ، خۆیان بەرێکحستن بکەن و بەگوێرەی دسپلینێك کارەکانیان بەڕێوەبەرن ئەو کاتە بەدڵنیاییەوە دەتوانن شتێك بەشتێك بکەن، هەروەها ئەرکەکانی لاوان ئەوانەی کە دەیانەوێت خزمەتێك بکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بگۆڕدرێت و بەرەوپێشەوە بچێت. ئەتوانم ئەو ئەرکانە بەچەند خاڵبەندێك باس بکەم:

خاڵبەندی یەکەم: هەوڵدان بۆ خۆ رۆشنبیرکردن لەرێگەی خوێندنەوە و دیالۆگ و ئەو رێگانەی تر کە مرۆڤ پێشدەخات.

خاڵبەندی دووەم: هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەو لاوانەی کە تەها خەم، خەمی شەخسی خۆیەتی، ئیدی دونیا کاولبێت بێ دەنگە.

خاڵبەندی سێیەم: هەوڵدان بۆ دروستکردنی رێکخراوێکی سەربەخۆ، کە بەراستی تەعبیر لەلاو بکات. بێ ئەوەی هیچ لایەن و حزبێك دەستێوەردانی کارەکانی بکات.

خاڵبەندی چوارەم: هەوڵدان بۆ ئەوەی هەموو گەنجێك خۆی بەبەرپرس بزانێت بەرامبەر ئەو هەموو کێشانەی کە رووبەڕوویان بووەتەوە و بتوانن لەرێگەی رێگەکانی چارەسەرییەوە، پرسگریەکان چارەسەر بکەن.

بێ گومان ئەم خاڵبەنە و کۆمەڵێ باس و خواسی تر گەر ئەوانە هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەن. با لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ بدەن بۆ بەدی هێنانی داخوازییە بەدی نەهاتووەکانیان، چونکە ئەوا چەنەها و

**چەندین ساڵە خەڵك بەتایبەتی بوونەوەرە ئەساسەکەی کۆمەڵگە بەشێوازێکی کۆیلایەتی دەژیت، ماڵوێرانییەکەش لەوەدایە لەکاتێکدا وەکو کۆیلە دەژیین، لێ پێی ناحەسێن.**

**بۆیە ئەم ئەرکە پیرۆز و گرنگە دەکەوێتە سەر شانی لاوان، ئەوانەی کە باوەڕیان بەدیموکراتیەتی راستەقینە هەیە، گشت تەقەلاکانیان بۆ ئەوەیە کە ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بهێننە گۆڕێ..**